# له كونی دەرگاوه

قوبادی جەلی زاده

شەو درەنگ چوومەوە ..

گۆی مەمکی له دەمی ساواکەمانا ، ترشابوو .

حەزم له ژەمێکی حەرام کرد !

پەنجەرەکانم کردەوە :

رەوە رەوە مەمکی ، شۆخ و شەنگەکانی گەڕەك .

پۆل پۆل لێوی ، کچە ئاگرینەکانی زانکۆ .

چەپك چەپك ، پێ و بەلەکی.. ژنە رژاوەکانی بازاڕ.

له داوێنی لەشە ژیلەمۆیەکەمدا ،

مۆمێکی گەشم داگیرساند !

سووتا

سووتا

سووتا

تا تۆقەلەی هەڵکشان و

شۆڕ ..

بوو نە وە .

رشانەوەو

کوژانەوە ..!!

ئۆه ژنەکەم ..

**چەن کلۆڵی ... چەن بەستەزمانی**

**بیست ساڵە لەگەڵ تۆدا ، دەخەوم و ناخەوم .**

**بیست ساڵە ، بەهەورازی مەمکەکانتا ،**

**سەردەکەوم و سەر ناکەوم .**

**بیست ساڵە ، کێڵگەیەکی بەر پلووسکی پیاوەتیمی و**

**پیاوەتیم نیت !**

**ئاخ ژنەکەم ..**

**چەن کڵۆڵی .. چەن بەستەزمانی**

**بیست ساڵە سەر بە سینگی ، مێردێکی خائین دەکەیت و**

**نازانی !**

**ئۆف ژنەکەم ..**

**چەن کڵۆڵی .. چەن شەکەتی.. چەن میهرەبانی**

**ئۆە ژنەکەم**

**بێوەژنەکەم !!!!**